The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# بانگەواز بۆ بەشداربوون و پشتیوانی لەخۆپیشاندانی 3-11-2007 ی هۆڵەند لەشاری دینهاخ دژ بە ملهوڕیەکانی دەوڵەتی تورکیا.

سەرجەم ڕەوەندی کوردستانی لە هۆڵەندا سەرجەم هێز و لایەنە سیاسی و جەماوەریەکان،
کۆمەڵەکانی ژنان لاوان و کۆمەڵە ڕۆشنبیریەکان
کەسایەتیە سیاسی و جەماوەریەکان و سەجەم خەڵکی کوردستان ...

لەشکر کێشی و هەڕەشەو تۆپبارانی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاو ئێرانەوە ماوەیەکە بەبیانووی جیاجیا دەستی پێکردووە ولەکەس شاراوەنیە، نەک هەربۆخەڵکی کوردستان بەڵکو سەرجەم ناوەندە سیاسی و خەبەریەکانی دونیای بەخۆوە خەریک کردووە ،چەندین دێهات چۆڵ کروان لەبەر تۆپباران و هەڕەشەو ترسی داگیرکەران و پەلاماردانی سەربازی و ڕەزو باخ و ناوچەکانی کوردستان بە جۆرەها چەک بۆمباباران دەکرێن و لەناوئەوانەدا چەکی قەدەغە کراوی وەک بۆمبی هێشوویی بەکار هاتوون،هەڕەشەو ئەنفال و جینۆسایدی خەڵکی کوردستان بەردەوامەو خەریکە جارێکی تر بەشیوەیەکی فراوانتر لەلایەن دەوڵەتی تورک و ئێرانەوە زۆربەهێزەوە کاریان لەسەردەکرێت،ئازادی و شەخسیەتی ئینسانی کوردو خەڵک و خاکی کوردستان لەهەموو رۆژ زیاترلەبەرانبەر هەڕەشەدان و سەرجەم دەستکەوتەکانی و ڕاپەڕینەکانی و خەباتی بەتوندی لەژێر هەڕەشەو لەبەرانبەر لەناوچووندا دانراون .

چاک وەک بەرپرسایرێتی مێژوویی داواتان لێدەکات کەوەرن پێکەوە ئەم ئەرکە گرنە بگرینەئەستۆو هەمووشانی بدەینە بەرو ئێمە لەمبارەیەوە و بەهیمەتی هەمووان دەست دەدەینە ئەم کارەو هەمووتوانامان بەگەڕ دەخەین.

هەر بەم بۆنەیەوەو بۆ بەشداری لە خۆپیشاندانی کوردستانیانی هۆڵەندا لەشاری دینهاخ لەبەرانبەر سەفارەتی تورکیادا داوا لەهەمووان دەکەین بەهەموو دەنگ و ڕەنگەکانەوە پشتیوانی و بەشداری بکەن و هەتا دەکرێت و دەتوانرێت خۆپیشاندانەکان گەورەو بەهێزبکرێن ،داواکاری ئەوەشین کەهەموو هێزو لایەنەسیاسیەکانی کوردستان و هەموو ئەندامنایان بەشداربن و لەمبارەیەوە بێدەنگ نەبن.

**Demonstratie**

**Tegen de Turkse invasie dreiging**

**Gerechtigheid voor het Kurdische volk. Nu!!**

**Genoeg is genoeg!!**

**Zaterdag 3 november 2007**

**Malieveld**

**Den Haag**

**Aanvang: 14.00 uur**

چاک لەم بارەیەوە هەموو توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ بەهێزکردن و پڕسەداکردنی دەنگی خەڵکی کوردستان لەبەرانبەر ملهوڕی و فاشیزمی دەوڵەتی تورکیادا.بۆبەرگرتن بەکۆمەڵکوژی و ژێرپێنانی ماف و ئازدیەکانمان وەرن باوەڵام بەداگیرکەران بدەینەوەو خەونە ژەنگ هەڵاتووەکانیان پووچەڵبکەینەوە.

ناوەندی هەلەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ( چاک) – کۆمیتەی هۆڵەند-
www.chak.info
chak.org@gmail.com
0655874755